# کۆمەڵە هۆنراوەیەک

## پرۆفیسۆر دکتۆر هیوا عمر احمد

١٢هۆنراوە



نیوەڕۆ کۆڕێکی کۆمەڵەی ئەکادیمی
کوردستانە لە ١٠/١٧/ بۆ هیوا عمر احمد
بەسەرپەرشتی

د.سلام فرج کریم

سوپاسی بەهرەوەر د.گۆران جلال ئەکەم کە
کۆڕەکەی بە کەمان ودەست و پەنجە رەنگینەکەی رازاندەوە

فەرهەنگۆک

ئاوێزان: لە باوەش گرتن ، تێکەڵ بوون ، لە ئامێزگرتن

ئافریندەکراو: خولقێنراو

ئیستێك: کەمێك ، ساتێك

ئەلەند:پێش کازێوە

ئاور:ئاگر

ئاویلکە:دواهەناسەی سەرەمەرگ

ئۆغژن:پێدانی هەستی خۆشی

ئەشك:فرمێسك

ئەنگاوتە:پێكراو، بریندار

برست:تین

برك:ئازار

بڕڕەك:بەرازی نێر

بەندەن:چۆڵەوانی

بولێڵ:پێچەوانەی ئەلەندپاش زەردە پەڕ

بسك:ئەگریجە ، زوڵف

خوو‌ناو:ئارەق

بین:قوڕفوڕاگە، هەناسە

پاساری: چۆلەكەپاساری

پۆللو: پشكۆ

رموزن:دێو ودرنج

دارۆغە:پاسەوان

گوڵخەن: گوڵستانێكی وێرانكراو

گوڵشەن: گوڵستانێكی رازاوە

گزنگ:تیشك

گراوی:دۆست، یار

گیابەند:بۆن خۆشترین گیای سروشتی

گروو: بیان و گرتن بەتاسەوە

لێمشت:لافاو

نغرۆ:وێرانكراو، داڕماو

سەهەند: خۆشی ، شادی

شۆفار: بەكر مەرگەوەر، ناحەز

هەتوان: مەرهەم

# بێ تۆ

بێ تۆ بێ تۆ بێ تۆ بێ تۆ
بێ تۆ شەو هات چاوانی رشت
ئەستیرەش وەکو کولۆی بەفر بە برژانگمەوە نیشت
چاوم بوە گۆمی خوین و شەو لە چاوما خەوت
کەچی چاوم بۆ ساتیکیش لە بێداری خۆی نەکەوت
ئەلەند هات و خەو نەهات
لیمشتی ئازار ریچکەی بەست و
ترپەیەک لەتۆوە نەهات
بۆیە بێ تۆ هیندە گریام
لە فرمیسکی خۆما خنکام

# بە چیا دیارە

کەی بە دڵتا هات لەم دڵنەوازە بپـــــرســـــــــــــــــــــــی
ڕۆژێ بەدڵتانەهات لە ئاهی دڵ بترســـــــــــــــــــــــــــــی
تۆ ئەزانی بێدەنگیت چەند ستەمە ،چەند سەختـــــــــــە
ژیانی کردۆتە دۆزەخێکی ساردو پڕ  شەختـــــــــــــــــە
گوایە پرسیوتە بۆ بێ دەنگم ، کوا دەنگم پێ مـــــــــاوە
هیشتا ئەڵێ ی بۆ ناپرسم ، بۆ پرسم پێ مـــــــــــــاوە؟
کاتێ ڕۆیشتی ، پەپوولەکانی روحم هەموو فڕیـــــــــــن
کە ڕۆیشتی  ، گوڵەکانی ناخم یەك یەك وەریـــــــن
دیسان پایز هاتەوەو پێکەوە نەبوویـــــــــــــــــــــن
ئەمجارەش باران باری و پێکەوە نەبوویـــــــــــــــــــــــــن
هەر تۆفێك کە ئەبارێ ، لە دڵی من ئـــــــــــــــــــــەدا
هەر گەردە لوولێ هەڵ ئەکا ، لەناخما لوول ئـــــــــــەدا
کوا بەچیا دیارە بیری (چاوەکانم) ئەکـــــــــــــــــــەی
بەچیا دیارە بیری گفتە (شیرینەکانم) بکـــــــــــــــەی
ئەوە نەبێ دڵم گرووی تۆم لێ بگـــــــــــــــــــــــــــرێ
من نەبم کێ بەرگەی ئەم دوورییە ئەگـــــــــــــــــــرێ
چاو تامە زرۆیە ، نەرمە نیگایەکی ئـــــــــــــــــــــەوێ
گوێ پەرۆشە ، پڕژە گوڵاوێکی ئـــــــــــــــــــــــــەوێ
گەر چی بزری ، دڵنیابە بۆخۆشەویستی تۆ ئــەژیم
چونکە بێ تۆ ژیان بێ هودە و نەك هیچ هـــــــەر  نیم   ٢٠٠٠/١٠/٧

# چی نهێنی بێ؟

چیت لێ نهێن بێ ئازیزم ٢٠٠٠/١١/٢١

ئەو ساتانەی مات ئەمبینی

بیر لە شۆخیت ئەکەمەوە

وانەزانی کەوا زیزم

دوێنێ بیرم

لە پەنجەی بلوریت کردەوە

دڵی منی

بۆ ئەندێشەیەکی چڕ بردەوە

چ برینێ سەختەو بێ چارە

بەو پەنجانە سارێژە

جا برینێکە یان هەزارە

ئەبێ خودا

ئەم پەنجەو مەچەکەی لەچی دروست کردبێ

یان لە کوێ وە ئەم جوانی یەی بۆ بردبێ

حەزم ئەکرد جەستەم لە دە لاوە بپێکرایە

تۆش پزیشکم

بە وپەنجانەی تۆ سارێژ بوونایە

# دووربا دووربا

گوێ ی شەیتان کەڕبێ

ئەوەی من دیم

هەر خەون بێ و لە ڕاستی بە دەور بێ

دووربا دووربا ناساغ بووی

ئەو لێوە پاراوانەی

وەنەوشەی بەهاریان شەرمەزار ئەکرد

وەك ووشکە پوشی پاییز

زەرد و سیس و هەڵبزرکاو

ئەو چاوە گەشانەی

گوڵەئەستێرە بە ڕوویدا ئەمرد

ناڕەوشەن و تێکشکاو

گورزە تیشکی زوڵف وبسك

مات و ژاکاو

ئەو گۆنایەی

گوڵئەرخەوانی ئەبەزان

وەك خونچەی ناوچنگی خەزان

روو لە نەمان

بە نیگەرانی لە خەو ڕاپەڕیم

ئۆخەی ئۆخەی لەوەی کەدیم

گۆنات شکۆفەیەکی گەش

هەناسەت وەنەوشەی بۆن خۆش

چاوەکانت هێشتا هەنگوینی لێ ئەچۆڕا

گوڵەستێرە بەهەزار ڕەنگ لە دەورت ئەگۆڕا

١/٢/٢٠٠١

# هێشتا تۆ گلەیی ئەکەی؟

لەو حەلەوە ، کە تۆ
خەو و ئەندێشەی منی
ئەوینتم ویستووە
بەناچاری
برستو ئارامی ئەیوبم خواستووە
لەم بوونەتا هەدام داوە
رازیم بەم ژینە گێژاوە
ئەوینێکم لای فەرهادەوە هێناوە
ئەڵبەت بۆ ئێمە خوڵقاوە
بێ سروەی تۆ
وێرانە خاك ، دنیا چۆڵە
خەمی سەراپا ئەم زەمینەم لە کۆڵە
نەبێزاربم ، بێ گلەیی
پەراگەندە و ئاسۆم ڕوون بێ

عاشقێك بم کاکە مەمی
بۆ ئەبێ تۆ
دەم بەگلەیی هەڵبێنی
هەموو ڕۆژێ
تامانێك بە ڕوومدا بێنی
دڵبەستەی من ، گلەیی بۆچی؟
زەندوڵی دڵەی شەلاڵم
گشت خەڵك زانی کە عەشق زەدەی تۆم
کەچی ساتێ

نەوەك ڕۆژێ

ئەم دی

ئاورینگی یادێکم لە یادگای تۆ بپژێ

١٧/١١/٢٠٠٠

# گوێی شەیتان کەڕبێ

گوێچکەی شەیتان کەڕبێ

ئەوەی دیم

هەرخەون بێ و لە ڕاستی بەدەربێ

لە خەونا دیم ناساغ بووی

ئەو لێوانەی بە پاراوی

گوڵوەنەوشەی بەهاریان شەرمەزارئەکرد

زەردو سیس وهەڵبزرکاو

ئەو چاوانەی هەزاران

گوڵەستێرەیان بەڕوودا ئەمرد

بەقوڵاچووبوون، ناڕەوشەن و تێکشکاو

ئەو گۆیانەی

گوڵەرخەوانی ئەبەزان

وەك خونچەیەکی ناوچنگی خەزان

گورزەتیشکی زولف وبسکت

مات و بێ ژیان

* * *

داوای خوێنیان ئەکرد

خوێنی کەست پێ نەشیا من نەبم

یەك یەك ، دوو ، تابوو بە شەش

هێدی هێدی

گۆنات بووەوە بە شکۆفەیەکی گەش

وەنەوشەی لێوەکانت پاراوبوونەوە
ئەستێرەی چاوەکانت ئەدرەوشانەوە
رەونەق و مان
بۆ گوررزەخۆری گەزییەو بسکت گەڕانەوە

٦-١-٢٠٠١

# بێ گومان

ئەگەر بیستت لە دووری تۆ
هەناسەیەکی ئاسودەم دابێ
شەوێ خەوێ لە دیدا وەنەوزی دابێ
گیانی ماندوو
بە خوێنی خۆی نەگەوزابێ
گومان بکە
*     *     *
تەنیا یەکێ ناوت بێنێ
بۆ من بەسە
ئارامیم لێ بشڵەقێنێ
دوورە دەسە)
(دیدارو روخساری
هەر وێردی سەرزمانی ژانێکە و
بەگوێچکەما ئەچرپێنێ
*     *     *
ئەگەر بیستت ئێستاش
گیرۆدەی یەك ساتی جوانیت نەبم
دووریت لە ناخەوە دامنەکرۆژێ
وەکو جاران
وێڵ و خولیای ئەوینت نەبم
گومان بکە
*     *     *

بێ گومانم رۆژێ هەردێ

دووری و تاسەت کە ئەمکوژێ

جاکەبیستت

بەجۆش و خولیای دیدارت گیانم دەرچوو

لە ئاویلکا تەنیاو تەنیا

ناوی تۆم لەسەر دەم بوو

باوەڕبکە

١٧/١٢/٢٠٠٠

# که تۆم دی

کەتۆم دی

چل و پۆپی ئەشکەنجە ، چرۆی شادییان دەرکرد

گوڵخەن نەما

هیواکان گۆپکەیان کرد

هەر ڕەنگ بوو ، ڕەنگی ئەدایەوە

دەروازەی گوڵشەنی ناخ ،ئاوەڵا بوو ، کرایەوە

خوێنم هەڵچوو بە کەف و کوڵ

برستی لاوی کەوتەوە دڵ

هەمووشتێ جوان بوو ، رازایەوە

هەموو شتێ بوو بە تۆ ، بوو بە گوڵ

جیهان کاڵای تۆی لە بەرکرد

شنەبای سەهەندی هێنایەوە

پاساری ناخ کەوتە جریوە

نەمزانی چۆن ئەم دڵە بچکۆلەو بزێوە

بە چی جێ ی ئەم شاڵاوی شادی و جوانی یەی تیا کرایەوە

١٨/٠٦

## کێ یە گەزۆ؟

گەزۆ ، گەزۆ گەزۆ
گەزۆ بوو بە چی نەبڕایەوە ، گەزۆ چی یە
گەزۆ کێیە ؟
منیش وەك ئێوە ئەپرسم
گەزۆ چی بوو نەبڕایەوە ؟
بۆچی گەزۆ نەتوایەوە ؟
وەرن بە چاوی من بڕوانن ، چییە گەزۆ ؟
یەکەم گزینگی ئەلەندە
لێمشتی شادی و خەونانە
هەتووانی هەموو زامێك و
پۆللوی کۆی حەزەکانە
دەسائیتر بەسە ، دیسان مەڵێن
کێیە گەزۆ ؟
من چی بکەم ، پێی شاد نەبووە
دوو چاوی کەم ئەفسونی تۆ
ئەم گراوی یەی من کوێستانی سامڕەندە
پەروانەی هەزار ڕەنگە
دارۆغەی ژین و ناخمە
ئەو ئاورەیە تا ئاویلکە
تا سەر ئێسقان ئۆخژنم کا
ئەشکی جەستەی ئەنگاوتەم ووشك کا

خەمم بڕەوێنێ و برست بەم دڵە پڕ برك و ژانەم بدا

بەهەناسەی گەزۆ
گەڵای زەردی تەمەن وەری
رمووزنان بوون بە پەری
بڕڕەكی خەمانی بەرەو بەندەن هەڵبڕی
بوولێڵێژینی ، رەوشەن كرد
پەردەی رەشی پەستی ی دڕی
گیانی تاوەسووتی خەنیكرد
*    *    *
لە چاوەڕوانی گەزۆ
تامی فرمێسكی دڵم گۆڕڕا
ڕەنگی خوێنم وەك گەزۆ ، سپی هەڵگەڕا
كە دێت
پەپوولەیەكی گەورەیە ، باڵەكانی زەریایەك ڕەنگ
گوڵشەنێكە پڕلە لالەزارو چرۆ
بزەی چ خۆرەتاوێكە
جوڵەی ، باڵەفڕەی پەروانە
بیری روون و جوانی یەكەی لە وەسف نایە
لەنجەولاری ، خۆرەتاوی زوڵف و بسكی
كۆلكە زێڕینەی چاوەكانی
بێ هاوتایە ، بێ هاوتایە
*    *    *
نەك من ( سیزیف )یش قایل ئەكات ، نەك جارێك

هەزاران جار
بگرێتە كۆڵ ، نەك بەردێ ، بەرد بەبار
بەرەو شاخ هەڵزنێ
نەك جارێك سەدان جار
بە شادی و دڵاراميیەوە
خووناوەی ماندووی لێ بچۆڕێ
خوێنی سەركاو سەرداما‌ن بيشۆرێ
گەزۆی من
هێندە شۆخە ، هێندە شۆخە
هێندە نەجيب و جوانە
ژير ، ژيكەڵە ، زۆر ئينسانە
رەنگی گوڵەكانی نەو بەهاری لە خۆيا كۆكردبێتەوە
بۆنی گيابەندی تان و پۆی ئەراراتی هەڵ گربێتەوە
لێی نزيك بيت  بيری بكەی
كە لێت وون بوو
شۆفاری ژان يەخەت بگرێ
زگارو پەشێو ، نەزانی چۆن ڕێدەربكەی
پەی بە بوونی خۆت نەبەی
هێندە پەرۆش بيت
بە يادی ئەو ڕۆژ بەريتە سەر
شەو بەلايلايەی ساتێكی ، چاو بكەيتە خەو
لە ئەلەنددا پێش كازيوە
بە يادی ئەو ببيتە خەبەر
من ناتوانم ، كێ ئەتوانێ ئا لێرەدا
بە سەرپێ ی ، ئەوێك وابێ ، وەسف بكا

کێ بتوانێ واسەرپێی ، بە ئێوەی بناسێنێ

یاخود بەچی هاوتای بکا

خۆزگە یەکێ هەبێ کە بتوانێ بەڵام کوا؟ ٢٠١١/١١/١٩

# نەکەی

ئەو ساتانەی پێکەوەبووین ، پەلکە زێڕینە بوو
خەمی ئەمڕۆ و خەمی ســبەی تــێدا نـــەبوو
خۆشەویستیت ژیانی کردمە ئەفسون، جـــادوو
خەون ، خەیاڵ بوو ، حـــەیف بـــەســـەرچوو
نەکەی تا دواهەنــاســەت خــۆشـــت نـــەویَم
نەکەی ، دوا ئەســـتێرەی جــێمـــاوی شـەوێم
نەکەی دڵت بە عەشقی من نەبێ لـــــــــێدا
نەکەی تەنیا نەبم لە ئاســـــمانی دلـــَی تــۆدا
دەنا هیچ دڵێ باوە ڕی بەعەشـــق نامـــێنێ
هیچ سۆزو کەف و کوڵێ لە ناو دڵا نامـــێنێ
دڵی من بیابان نییە ، گەر چۆڵە بیابانت ئـەوێ
سەریمن وێران نییە،گەرسەربەشی ماڵانت ئەوێ
دڵم سەوزە ، پڕ لە حەزو خولیاو لە جۆشـــــە
سەرم دەریایەکی شێتە پڕ لە عەشق و لە هۆشـــە
ناتوانی ئەم ئەفسانەی عەشقە لە بیر بەریتـــەوە
داش مرکێ ی ، لە ناخەوە گڕ ئەگریتـــــــەوە
نا هەرگیز ناتوانی جیهانی دڵ کاول کــــــەی
ئەوە دڵم ، ئەوە ژیانم فەرموو لە یادم کـــــەی
ئەو ساتانەی کە ئەگریت و دەنگی خۆت دێتەگوێ
پەشیمانی و لێو ئەکرۆژی ، ڕێبوارێکی بـــێ ڕێ
دڵنیا بە دڵ و ژیان و بوونم بۆ تۆ هەر کراوەیـــە
چونکە ژیان بێ (گەزۆ) ، نغرۆیە ، کەلاوەیـــە

# ناکرێ

تۆکە توانیت قووی سرکی دڵم دەستە مۆکەی
سا جارێ لەم بێ حالە  بپرسە
ئەزانم دێی بەڵام چۆن دێی یاخود کەی ؟
ئەم کوژراوەی خۆت بژێنیتەوە
گیانی کەوی هـــــــــــا هەڵقرچا
یا ڕە های کە یان لە ئامێزی کەیتەوە
مەعز بۆ خوا

ژین بێ تۆ چۆڵەوانییە
خۆڵی مردووی لێ پژاوە
گڤەی گەواڵەیە
دێت و ئەڕوا وەك نەخشی سەر ئاوە
زرکەتاڵی سەرم بۆشاییەکی بێ کۆتاییە
سەران سەر نغرۆیە داڕماوە

روونە لەلام زێدەی من نابی
هەر عەشق زەدەی تۆم
شانێ نادەیتە بەر هەگبەی  خەمم
شانیش بێ خەمت ڕما وەك خۆم

گەرلام ڕوون بێ ئەم ئەوینە
گەڵای زەردی خەزانم هەڵوەرێنێ
کۆتایی نەك بەخەون و شادیم
بەتەمەنیشم بێنێ
دڵنیابە هەر خۆشم ئەوێی

گەر لە تەوێڵمان نوسرابێ
ناڵین  فرمێسك  دیدە سوور بێ
رقی ڕۆژگاریش هێندەی تر ئەستووربێ
ناکرێ هەر ئەبێ خۆشم بوێی

# تۆفێك

وەك گەردێكی بچكۆلە خۆم ئەبینم
گەردەلولی ژیان توند بووە لەبینم
نە ئەوە بوو خۆم بۆ بگیرێتەوە لەشوێنێ
نە كەسێك بوو هەواڵی تۆفێكم بۆ بێنـــێ
تۆفێكی توندم ئەویست دام شـــــــۆرێ
جەستەو دەروون و گیان گشت بـشـــۆرێ
گەر چی لە ناخەوە وردو بێ ناز بـــووم
شووشەی دڵ شكاو پەرتە واز بـــــــووم
ماوەیەكی كورتە دڵی زارم ئاسودەیـــە
وا ئەزانم كۆتایی خەمە پیرۆزەكەیــە
لە ئاسمانی تاری ژیاندا ئەستێرەیەكم دی
بەڵام وادیارە هەر خــــەوە و نایـەتـە دی
ئەمەوێ مانایەكی تر بۆ ژیانی بێ هوودە بێنم
بەڵام وادیارە خەیاڵە و لە ناخدا ئەیخولقێنم
هەبێ دەستێ باتە باڵی شكستەو تەنـــیــــام
لە دەریای وونی ژیان دا بێ بـــە فـــریــــام
دڵ سەوزە دەروون سەوزە تۆفێكی ئـــــــــەوێ
بیابانەكەی سینەم كەی نمەیەكی بەر كــەوێ
تەمەن سەربەرەو خوارە لێژە هەڵـد یــــــَرە
پێش ئاوابوون خەمەكانت بە كەسێك بسپێرە
دەنا نامری هەتا خەم وەك هەنسك بینت بگرێ
ئەوەی خەمی زۆرە درۆیە هەرگیز نـامـــــرێ

# تریفەی سڵاوێك

دیسان شەو هات

خەمیش خەرمانی بەست

دەنگی پڕهەنسکی خەمێ پرسی

ئەم شەوی یەڵدایەت چۆن لێ بڕوا

درێژ وەك چاوەڕوانی بۆ ژیان

خەویش سەردەستەی مەلە بەیدەستەکان

مۆتەی زەمین لە کاوڵاشی ناخ دا کۆبێ

گیانی تخێڵ

لە چ پەسیوێك دا حەشار بدەی

خۆت لەم ئازارە بێ دڵە دەرباز بکەی

بەڵام گیانە

کەهەواڵت کوڵمی گوێچکەی ڕاموسانم

دڵی  سیخناخ لەخەمی داچڵەکانم

گیانی ڕەند و داغانی هەژانم

پرسیبووت ئاخۆ ئێستا لە چیام

لە دەریای کام ئەندێشەدا وێڵ و خولیام

لێمشتی یادی کەونەڵان

وەك ئەسپە شێ

سمکۆڵی داو، کەوتەوە سوێ

بێتۆ یەڵدام پەرێشانی بوو

بەتریفەی سڵاوی تۆ

هەوری شلوێڕەوی یەوە

واگۆرە وشاری بێ کۆتاییم بەسەرچوو